# لەکوردستان فیلمی هیندیی ڕەواج پەیدا دەکاتەوە

## کچێك: هەر جارێك سەیری فیلمی هیندیم کردبێت یەك سەعات گریاوم

**ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی**




سالآنی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەردەمی زێڕینی فیلمی هیندیی بوو لەکوردستان، ناوی پاڵەوانی فیلمە هیندییەکان لەسەر زاری گەورە و بچوك بوو، وێنەکانیان لەسەر دیواری ماڵەکان هەڵدەواسرا، لەنێو بازاڕەکاندا وێنەی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی هیند بەنرخێکی گران دەفرۆشران، کچان و کوڕانی لاو لەسەر کتێبی خوێندنیان وێنەکانیان چەسپ دەکردن.

ڕۆژانی جەژن ڤیدۆخانە و سینەماکان تەنیا فیلمی هیندییان لێدەداو جمەیان دەهات لەو گەنجانەی کە تامەزرۆی ئەو فیلمانە بوون، لەزۆرێك لەچایخانە و گازینۆکانی ئەو کاتەدا بۆ سەرگەرمی موشتەرییەکان فیلمی هیندیی لێدەدرا، خەڵکانێك هەبوون ئەو کاتانە سوێندیان بەسەری ئەمتیاب و دارۆمەندەرو میسۆن دەخوارد و بەجلو بەرگ و شێوازی خۆ گۆڕین لاساییان دەکردنەوە و خوازیار بوون وەك ئەوان بن لەچاوی کەسانی تردا.

دەیەی نەوەدەکان و ئەم چەند ساڵەی دوایی گلۆڵەی فیلمی هیندیی ڕووی لەلێژیی کرد و باوی نەما، شەپۆلی سەتەلایت و هۆیەکانی بلاّوکردنەوە بەیارمەتی داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان دەرگایان بۆ فیلمەکانی هۆلیوّد خستە سەرپشت و ئەو فیلمانە بوونە باوترین فیلم.

بەلاّم لەم یەك دوو ساڵەی پاشتردا وردە وردە خەریکەر باوی فیلمی هیندیی دێتەوە و ڕۆژانە دەبینین لەزۆر شوێنی شارەکاندا بەتایبەتی لەسلێمانی ئەو فیلمانە پیشان دەدرێن جا چ لە گازینۆ و چایخانەکاندا بێت، چ لە پێشانگاکانی سیدی فرۆشتندا بێت.

ژمارەیەك لەگەنجەکانی ئەمرۆو ئەو کەسانەی لەدەیەکانی پێشتردا بینەری هەمیشەیی فیلمە هیندییەکان بوون بەردەوام سەیری فیلمی هیندیی دەکەن و بەوتەی خۆیان زیاد لەهەر جۆرە فیلمێکی تر چێژی لێوەردەگرن و پێی ئاسودە دەبن.

هەردی کەریم – خاوەنی مێزێکی سیدی فرۆشتنە لەبازاڕی دارەسووتاوەکەی سلێمانی وتی:

جاران و سێ چوار ساڵ لەمەوپێش بەدەگمەن خەڵك هەواڵی سیدی فیلمی هیندییان دەپرسی بەلاّم ئێستا ڕۆژانە و بەردەوام خەڵك دێن و دەڵێن فیلمە تازەکانمان بدەنێ، خۆم موشتەرییەکم هەیە لەوانەیە تا ئێستا دووسەد سیدی لێکڕیبم، هیچ

فیلمێك نەماوە بیبات، دوێنی هات سەیری سیدییە هیندییەکانی کرد بەلاّم هیچی تازەی تیانەبوو، بەس دانەیەکی تری بردو وتی ئەم سیدییەم هەیە بەلاّم کۆن بووە و ڕووشاوە بۆیە ئەم تازەیە دەبەم.

لەدرێژەی قسەکانیدا هەردی وتی: ئەو خەڵکانەی دێنە لای ئێمە جۆر بەجۆرن، هەیانە پیرە، هەیانە گەنجە، کچیش هەیە داوای دەکات، بەلاّم زۆربەی هەرە زۆریان گەنجن.

ئەحمەد ئازاد – گەنجێکی ڕووخۆشەو خاوەنی دوکانێکی سیدی فرۆشتنە و وتی: خۆم زوو سیدی هیندیم نەدەهێنا، بەلاّم ڕۆژانە خەڵك دەهاتن و پرسیاریان دەکرد ئایا فیلمی هیندیمان هەیە؟ منیش چووم هێنام، فرۆشی خراپ نییە، بەلاّم خۆی زیاتر فیلمی ئەمەریکی دەفرۆشێت، وەك فیلمەکانی ماترێکس و سیدالخواتم و فیلمە ئەکشنەکانی تر، بۆ فیلمی هیندیی ڕۆژی واهەبووە دە دانەم فرۆشتووە، ڕۆژی واش هەبوو سێ چوار دانەم لێ فرۆشتووە، ساڵەکانی زوو هەر نەدەفرۆشرا، من لەساڵی 2001 ەوە خەریکی ئەم کارەم ئەوکاتە کەس نەدەهات داوای فیلمی هیندیی بکات، لەسلێمانیدا هەموو شتێك چاولێکەرییە هەر مودەیەی باوی شتێکە، ئەمرۆ باوی فیلمی هیندیی هاتۆتەوە لەوانەیە ماوەیەکی تریش باوی نەمێنێت.


کوردۆ بەکر – خاوەنی پێشانگای مۆبایلە و لەهەمان کاتدا ئاواز دادەنێت بۆ مۆبایلەکان، ئەو وتی: ڕۆژانە سەدان کەس دێنە ئەم دوکانەی لێی دانیشتووین بۆئەوەی ئاوازو گۆرانی بخەینە سەر مۆبایلەکانیان، خەڵکان زۆرن و هەریەکەو حەزیان لەشتێکە ئێمەش خەڵکی کاسبین بەگوێی هەموو موشتەرییەك دەکەین، جاری وایە خەڵك دێت دەڵێت قورئانم بۆ بخەرە سەری، هەیە داوای سروود دەکات، هەیە داوای گۆرانی تورکی دەکات، هەیە داوای گۆرانی کوردیی دەکات و زۆریش هەیە داوای گۆرانی هیندیی دەکات یان داوا دەکەن لەڤتەیەك لەفیلمی هیندییان بۆ بخەینە ناو مۆبایلەکانیانەوە، بەس یەك شت هەیە زۆربەی گەنجەکان کەدێن دوای گۆرانی کوردیی وەك زەکەریاو عەدنان کەریم و ڕۆژ کەریم دەکەن، ئیتر خەڵکەکە زۆرەو لەهەموو جۆرێکی تیایە.

ئاسۆ نوری- گەنجێکە و بەردەوام سەیری فیلمی هیندیی دەکات و دەڵێت: لەهەشت نۆ ساڵییەوە سەیری فیلمی هیندیی دەکەم، زەمانی حکومەتی بەعس هەموو شەوی سێشەممەیەك لەتەلەفزیۆن فیلمی هیندیی دەکرد، من لەو کاتەوە حەزم لێیەتی، بەتایبەتی کە گوێم لەگۆرانییەکان دەبێت ئەژنۆم دەشکێت، حەزدەکەم شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە لەکۆڕەوەکەی ساڵی 1991 دا چواردە ساڵان بووم کە چووینە ئێران براینە ئۆردوگا، ڕۆژێك لەگەڵ کوڕێکی پورمدا جانتامان خستە سەر شانمان و وتمان دەچین بۆ هیندستان، ئەوە بوو ڕۆیشتین دوایی لەکرماشان پارەمان لێبڕاو گەڕاینەوە، لەبیرت نەچێت من زۆر گۆرانی هیندیشم لەبەرە بەماناکانیانەوە.

سۆزان تەیفور – یەکێکی ترە لەشەیدایانی فیلمی هیندیی وتی: بەلای منەوە خۆشترین فیلم فیلمی هیندییە، چونکە زۆر سادەیەو پڕە لەمەعنا، ولاّتەکەشیان لەولاّتی خۆمانەوە نزیکەو زمانەکەشیان کە زۆر لێی ورد دەبیتەوە سەدان وشەی کوردیی لەزمانەکەیاندا هەیە، من لەزۆربەی تێدەگەم، جگە لە فیلمی هیندیش حەزم لەفیلمی میسرییە بەتایبەتی ئەگەر عادل ئیمامی تیابێت هەر بەهۆی فیلمی میسرییەوە فێری عەرەبی بووم، بەلاّم هیچی وەك فیلمی هیندیی نییە چونکە هەر جارێك سەیری دەکەم یەك سەعات گریاوم، چونکە زۆر بەوریاییەوە هەستی خەڵك دەجوڵێنن، بۆیە ئەگەر بچیتە ناو ڕووداوەکانەوە سەیری ئەنجامەکەی بکەیت زۆر زۆر دڵتەنگ دەبیت ناچاریت دەست بکەیتە گریان.

داستان ئاکۆ – وتی: زۆر سەیری فیلم ناکەم، چونکە لەبەر خوێندن بوار نییە، جگە لەوەش تۆ سەیری فیلمێك دەکەیت لەنیوەیدا کارەبا دەکوژێتەوە و ڕیسەکەت دەکاتەوە بەخوری، لەوکاتەدا هەر سەیری نەکەیت باشترە، جاری واهەیە لەساڵێکدا وارێدەکەوێت دوو سێ جار سەیری فیلم دەکەم بەلاّم ئەو فیلمانە خۆم هەڵیاندەبژێرم و بەسیدی لێیان دەدەم زۆرتریش حەزم لەفیلمی هیندییە بەتایبەتی کۆنەکان، درۆم نەکردبێت دووسەد جار زیاتر فیلمی شوعلەو شاهنشا و سەنی بابوم بینیوە، بەڕاستی هێندە کاریگەرن ناتوانم وەسفیان بکەم.

لەبەرامبەر ئەم گەنجانەدا ژمارەیەکی زۆریش گەنج هەن کە حەزیان لە بینینی فیلمی هیندیی نییەو پێیانوایە فیلمی هیندیی مۆدیلی بەسەرچووە و دنیا گۆڕاوە.




Shamzini79@hotmail.com